**ڕۆژنامەگەری گەرمیان**

# ئاسۆیەکی تری پەرەسەندنی ڕۆژنامەگەری کوردی

**گەرمیان – سەباح عەلی جاف**

پاش 108 ساڵ لەدەرکردنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی( کوردستان ) و پاش چەندین کارەسات و ڕووداوی دڵتەزێن کەبەسر ناوچەی گەرمیاندا هات، کەدیارترینیان کارەساتی ( ئەنفال )ە، ئێستا لە دەڤەری گەرمیان لە شارەکانی ( کەلار، کفری، خانەقی، دەربەندیخان و ناحییەی ڕزگاری ) بیست بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤار و وەرزنامە دەردەچن و بەردەوامن، کە( 13 ) یان لەشاری کەلار و ( 3 ) یان لە کفری و ( 2 ) لەدەربەندیخان و ( 1 ) لە خانەقی و ( 1 ) دانەیان لە ناحیەی ڕزگارییە.

لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا لە گەرمیان ڕۆژنامەگەری دەستی بە جووڵەکردووە، دوابەدوای ڕاپەڕین بزوتنەوەکە جوڵەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و تەنانەت دوابەدوای ڕاپەڕین لە گەرمیان بڵاوکراوەیەکی سیاسی و ئەدەبی بەناوی ( میلکان ) لەلایەن لقی خانەقینی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانەوە دەرچووە کە ژمارە سێی ( هەر ئەو ژمارەیەمان دەسکەوت و ژمارەکانی پێشووتری بەردەست نین ) لە تەموزی 1991 دا بڵاوکراوەتەوە.

لەسەرەتاکانی ڕاپەڕین دا بڵاوکراوەیەکی تر بەناوی ( پەیامی ئازادی ) ئۆرگانی ناوەندی لقی خانەقینی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، ژمارە دووی لە تشرینی 1991 دا دەرچووە کە پێدەچێت یەکەمین بڵاوکراوەی دوای ڕاپەڕین بێت لەناوچەکەدا( ئەو زانیاریانەم لە ڕۆژنامەنووس جەمال ئەکبەرەوە وەرگرتووە )

دوابەدوای ڕاپەڕین چەندین بڵاوکراوە دەرچوونە کە ژمارەیان تێکڕا ( 50 )بڵاوکراوەیە، لەوانە : گۆڤاری گۆڤار، گۆڤاری تۆژەر، بڵاوکراوەی کەڵیار، بڵاوکراوەی داستان، گۆڤاری شەم، ژینی نوێ، حەمرین، گەرمیان، پەیامی ڕەمەزان، کەلار، پەیامی لاوان، دەنگی نوێ، هەنگاو، کەلات و شکۆفە .... کەئێستا 20 بڵاوکراوەیان بەردەوامن لە دەرچوون و خزمەتی بەرچاویان بە ئاستی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری لە ناوچەکەدا کردووە.

زۆرێك لە بڵاوکراوەکانی گەرمیان چەند ژمارەیەکیان لێدەرچووە و لەبەرنەبوونی مادە و سستی دارایی نەیانتوانیوە بەردەوام بن، پەرەسەندنی جوڵەی ڕۆژنامەگەری لە ناوچەکەدا کاریگەری لەسەر ڕۆژنامەگەری ناوچەکانی تری کوردستان هەبووە و وایکردووە کە چەندین پەیامنێر و ڕۆژنامەنووسی کارا درووست بن کە خزمەتی بەرچاو بە ڕۆژنامەنووسی کوردی بکەن و تەنانەت ناویان لەسەر ئاستی کوردستان هەبێت.

دوابەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی 2003 دا لەگەرمیان ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان هاتنە مەیدان و خزمەتی بەرچاویان بە ڕۆژنامەنووسی گەرمیان کردووە و لەئێستادا ژمارەیەکی زۆر بڵاوکراوە بەردەوامن لەدەرچوون کەنەوەیەکی نوێ لە ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێرانیان درووستکردووە، لەشاری کفری ( خۆرنەوەزان ) و لەکەلار ( بەرەوشار ) و لە خانەقی ( خانەقی ) و لە دەربەندیخان ( دەربەندیخان ) و لە ناحییەی ڕزگاری ( داینەمۆ ) دوابەدوای پرۆسەی ئازادی سیمایەکی نوێن لە ڕۆژنامەگەری ناوچەکە و زۆربەیان لەلایەن کەسانی بێلایەن و سەربەخۆ و ئەهلی دەردەچن.ئەو ڕۆژنامانە کاریگەری ڕۆشنبیرییان لەسەر لاوان درووستکردووە و چەندین پەیامنێر و ڕۆژنامەنووسی بەتوانایان درووست کردووە و تەنانەت زۆرێك لە کچان و ژنانیش هاتوونەتە بوارەکەوە.

لێرەدا چەند زانیارییەکی سەرەتایی لەسەر ئەو بڵاوکراوانەی گەرمیان دەخەینە ڕوو کەئێستا لە شارەکانی گەرمیان دەردەچن و تائێستاش بەردەوامن لەدەرچوون و خزمەتدەکەن:

## 1/ خۆرنەوەزان :

خۆرنەوەزان، نیومانگییەکی گشتی ئازادە، گروپێك گەنج لەشاری کفری بەهەشت لاپەڕەی ڕەش و سپی دەریدەکەن.یەکەمین ژمارەی لە ( 23/ئەیلولی 2003 ) دا دەرچووە و تائێستا ( 54 ) ژمارەی لێدەرچووە.جاربەجاریش پاشکۆیەك بە زمانی عەرەبی دەردەکات و لە چواردەی چواری ئەمساڵ دا پاشکۆیەکیان بە زمانی عەرەبی تایبەت بە کارەساتی ئەنفال دەرکرد.

خاوەنی ئیمتیازی ( صەلاحەدین عەبدولحەمید ) و سەرنووسەری ( صەلاح گەرمیانی )یە .

## 2/ خانەقی :

خانەقی، مانگنامەیەکی سیاسی رۆشنبیری گشتییە، راگەیاندنی مەڵبەندی ( 12 )ی خانەقی ( ی.ن.ک ) مانگی جارێـک بـە رەنگـاورەنگی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و لەدووتوێی 12 لا پەڕەدا دەریدەکات.

ژمارە سفری لە ( 2003/12/11 ) و ژمارە 22 کە دواژمارەیەتی لە مارسی ئەمساڵدا دەرچووە و وابڕیارە ژمارە 23 لەیادی رۆژنامەگـەری کوردی دا دەربچێت.

خاوەنی ئیمتیاز ( مەڵبەندی خانەقی ) و سەرنووسەر ( ئیبراهیم باجەلان )ە.

## 3/ بەرەوشار:

بەرەوشار، مانگنامەیەکی ئەهلی ئازادە، کۆمەڵێک گەنجی رۆژنامەنووس مانگانە بە 12 لا پەڕە بەرەش و سپی دەریدەکەن، ژمارە سفری لە ( 18ی کانوونی دووەمی 2004 )دا دەرچووە و تائێستا ( 12 )ژمارەی لێدەرچووە و وابڕیارە لە ژمارەی داهـاتووەوە ناوەکـەی بگۆڕێـت بـۆ ( گەرمیانی ئەمرۆ ).

خاوەنی ئیمتیازی ( شێخ سەعید شاکەلی ) و سەرنووسەری ( لاوان ئەحمەد )ە.

## 4/ خەڵک :

خەڵک، نیومانگییەکی گشتی ئازادە، گروپێك رۆژنامەنووسی لە گەرمیان دەریدەکەن.ژمارە ( 1 ) لـە کۆتـایی نیـسانی 2004 لـە کـەلار دەرچووە و تائێستا ( 24 ) ژمارەی لێ بلاوبووتەوە.

خاوەنی ئیمتیازی ( عەلی ئەحمەد کەریم ) و سەرنووسەری ( هۆشیاری عەبدولعەزیز )ە.

## 5/ داینەمۆ :

داینەمۆ، مانگنامەیەکی گشتی سەربەخۆیە، کۆمەڵێك گەنجی ناحییەی رزگاری هەرکاتێك پارەیان هەبێت دەریدەکەن.ژمـارە سـفری لـە کۆتایی تشرینی دووەمی 2004 دا و دواژمارەی ( ژمارە 9 ) لەسەرەتای مانگی نیسان دا دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر ( رێبین تەها ) یە.

## 6/ دەربەندیخان :

دەربەنـدیخان، رۆژنامەیەکـە کۆمـەڵێك گـە نجی شـاری دەربەنـدیخان سـەربەخۆ مـانگی جارێـك بـە هەشـت لا پـەڕەی رەش و سـپی دەریدەکەن.ژمارە سفری لە ( 2005/3/8 ) دا دەرچووە و دواژمارەی لە ( 12 ) لە نیسانی ئەمساڵ دا دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیازی ( خالد عەلی قادر ) و سەرنووسەری ( کاوە عەلی )یە.

## 7/ شێروانە :

شێروانە، گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتییە، سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار وەرزانە دەریدەکات.ژمارەیەکی ( کە ژمارە چواری لەسـەر نووسـراوە ) لە شوباتی 2005 داو دواژمارەی ( ژمارە 4 ) لە بەهاری 2006 دا دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیاز ( سەلام عەلی ) و سەرنووسەری ( کاروان یاروەیس )ە.

## 8/هەشتاوهەشت :

**هەشتاوهەشت، وەرزەگۆڤارێکی ڕووناکبیرییە، تایبەتە بە پرسی ئەنفال و بە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگی دەردەچێت.ژمارە ( 1 ) لە بەهاری 2004 دا دەرچووە و دواژمارەشی ( ژمارە 4 ) لە هاوینی 2005 دا دەرچووە.**

**خاوەنی ئیمتیاز ( مەحمود سەنگاوی ) و سەرنووسەری ( سالار مەحمود )ە.**

## 9/زیپان :

**زیپان، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری کۆکراوەیە، لقی کەلاری بنکەی ئەدەبی و گەلاوێژ وەرزانە لەدووتوێی 30 لاپەڕەدا بە زمانی عەرەبی دەریدەکات.بابەتەکانی گۆڤارەکە هەمووی لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراون.ژمارە سفری لە شوباتی 2004 دا دەرچووە و دواژمارەشی ( ژمارە 5 ) بەهەردووزمانی کوردی و عەرەبی لە نیسانی ئەمساڵدا دەرچووە.**

**سەرپەرشتیاری گشتی ( ئاسۆ وەهاب )ە.**

## 10/ کەنار :

**کەنار، مانگنامەیەکی ئازادە کۆمەڵێك گەنج لە گەرمیان بە هەشت لاپەڕەی ڕەش و سپی دەریدەکەن.ژمارە ( 1 ) لە 2004/7/15 دا و دواژمارەی ( ژمارە 16 ) لە ئازاری ئەمساڵدا دەرچووە.دووژمارە پاشکۆیەکی بەناوی ( کەناری ژن ) دەرکردووە.**

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر ( بێستون ژاڵەیی )ە.**

## 11/ سەبا :

**سەبا، بڵاوکراوەیەکە گرنگی بە وەرگێڕانی ( فیکری، ئەدەبی و هونەری ) دەدات.کۆمەڵێك گەنجی شاری دەربەندیخان مانگی جارێك بە هەشت لاپەڕەی ڕەش و سپی دەریدەکەن.ژمارە ( 1 ) لە کۆتایی حوزەیرانی 2005 دا دەرچووە و دواژمارەی ( ژمارە 5 ) لە کۆتایی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا دەرچووە و وابڕیارە ئەم پڕۆژەیە بکرێتە گۆڤار.**

**خاوەنی ئیمتیاز( عەلی عوبدوڵڵا ) و سەرنووسەر ( هێمن مەحمود )ە.**

## 12/ ئایندەی گەرمیان :

**ئایندەی گەرمیان، بڵاوکراوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی گشتییە، ڕاگەیاندنی مەڵبەندی ( 11 )ی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە هەشت لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ دەریدەکات.ژمارە سفری لە 2005/6/20 دا دەرچووە و دواژمارەی ( ژمارە 13 ) لە 2006/4/5 دا دەرچووە.سەرنووسەرەکەی ( مەجید ساڵەح )ە.**

## 13/ خوێندنی نوێ :

**خوێندنی نوێ، مانگنامەیەکی خوێندکاری ئازادە، کۆمەڵێك خویندکاری سەربەخۆ بە هەشت لاپەڕەی ڕەش و سپی دەریدەکەن.ژمارە ( 1 ) لەکانوونی یەکەمی 2005 دا دەرچووە و دواژمارەی ( ژمارە 3 ) لە ئازاری 2006 دەرچووە.**

**خاوەنی ئیمتیاز و سورنووسەر ( گەرمیان حەمەخان ).**

## 14/ زەنگ :

زەنگ، رۆژنامەیەکی گشتی ئازادە، دووهەفتە جارێك لەشاری کفری کۆمەڵێك رۆژنامەنووسی گەرمیان بە 12 لا پەڕە دەریدەکەن.ژمارە سفری لە 2005/9/25

دا دەرچووە و دواژمارەی ( ژمارە 13 ) لە 20 /2006/4 بە دووڕەنگ دەرچووە.

زەنگ پاشکۆیەکی عەرەبی بەناوی ( الناقوس ) دەردەکات کە تائێستا ( 8 )ژمارەی لێدەرچووە.لە چواردەی چواری ئەمساڵیش دا پاشکۆیەکی بە زمانی کوردی و عەرەبی بۆ یادی ئەنفال دەرکردووە.

خاوەنی ئیمتیاز ( سامان گەرمیانی ) و سەرنووسەر ( سامان کەریم )ە.

## 15/ گۆڤاری گیرفان:

گیرفان، وەرزەگۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە، کۆمەڵێك رووناکبیر لە گەرمیان بە قەبارەی گیرفان دەریدەکەن.ژمارە سفری لە ساڵی 2005 دا بە( 111 )لا پەڕە و دواژمارەی لە بەهاری 2006 دا دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر ( مەلا تەحسین گەرمیانی ) یە.

## 16/هەشتاو هەشت:

هەشتاو هەشت پاشکۆی وەرزە گۆڤاری هەشتاو هەشتە و ژمارە ( 1 )ی بە رەنگاو ڕەنگی بە ( 8 ) لا پەڕە دەرچووە, ژمارە( 3 ) ی لە( 4/14 )دا دەرچووە کە وابڕیارە بە پێی قۆناغەکانی ئەنفال هەشت ژمارەی لێ دەربچێت.

سەرنوسەری ( سالار مەحمود )ە

## 17/ وەرزشکاران:

وەرزشکاران رۆژنامەیەکی وەرزشی مانگانەیە ,کۆمەڵێك وەرزشکار لە کەلار بە ( 4 ) لا پەڕە بە رەش و سپی دەریدەکەن. ژمارە ( 1 )ی لە ( 2006/1/22 ) و ژمارە ( 2 ) ی لە مانگی ئازاردا دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەری ( ئەرکان محەمەد رەشید )ە .

## 18/ دەنگی خوێندکار:

دەنگی خوێندکار بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیرای گشتی هەمەڕەنگە ,کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان –کۆمیتەی کفری بە ( 4 ) لا پەڕەی رەش و سپی بە ( A4 ) دەریدەکەن.ژمارە( 1 ) ی لە کۆتای شوباتی2006و ژمارە دووی لە ئازاری ئەمساڵدا دەرچووە.

سەرپەرشتیاری گشتی ( ئارام کەریم )ە

## 19/ ئاتیە:

ئاتیە بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری گشتی مانگانەیە –ناوەندی گەرمیانی رێکخراوی قوتابیانی کوردستان بە ( 8 ) پەڕەی رەش و سپی بە ( A4 ) دەریدەکەن , تا ئێستا دوو ژمارەی لێ دەرچووە و ژمارە دووی لە ( 2006/4/1 ) دا دەرچووە .

سەرنوسەری ( راویار یاسین )ە

## 20/ شێخ لەنگەر:

شێخ لەنگەر مانگنامەیەکی ئەهلی سەربەخۆی گشتیە لە ئاوای شێخ لەنگەر کۆمەڵێك لە رۆژنامەنوسان و روناکبیرانی ئەو گوندە ,ژمارە ( 1 )ی بە رەنگاوڕەنگی لە ( 2006/4/20 ) بە( 8 ) لا پەڕە خستە بەردیدەی خوێنەران, خاوەنی ئیمتیازی ( سەلاح خورشید ) و سەرنوسەری ( محەمەد سابیر )ە ( یەکەمین ئەزمونی رۆژنامەگەری لادێ لە گەرمیان ).

*وابڕیارە لەم هەفتەیەدا ژمارە یەکی گۆڤاری ( هورێزا ) کە وەرزە گۆڤارێکی رۆشنبری و کۆمەلآتی گشتی ئازادە لە لایەن ژمارەیەك رۆژنامەنوسی خانەقیەوە بلأودەکرێتەوە,و( جەمال ئەکبەر ) سەرنەسەری دەبێت.